www.kurdistannet.org
9-3-2003 20:53

# بزوتنەوەی " کوردایەتی" و ئاسۆیەکی تاریك!

عەبدولا سالح



مەسعود بارزانی لە کۆنگرەیەکی رۆژنامە نووسیدا لە سەر کەنالی کوردستان تی ڤی رۆژی شەممە ریکەوتی ٨-٣-٢٠٠٣ لە وەلامی یەکیك لە رۆژنامە نووساندا کەدەربارەی هەلویستی فەرەنساو روسیاو ئەلمانیا لەمەر شەری ئەمریکا دژی عیراق پرسیاری لی کرد ووتی: *ئەوانەی دژی شەرن نایانەوی عیراقیکی دیموکرات و فیدرال و فرە حزبی دابمەزری.*

هەروەها لە سەرجەم وەلامی هەندیك رۆژنامەنووسی دیکەدا کە دەربارەی ئەگەرەکانی وەعدو پەیمانی ئەمریکا بە وان، بە تایبەت کە ئەوان تەجروبەیەکی تالیان لەگەل ئەمریکادا هەیە، بەگشتی وەلامەکانی ئەوەیان گەیاند کە : *ئومیدەوارین ئەمریکا نا ئومیدمان نەکات، جیا لەوەش دنیای ئەمرۆ دنیای جاران نیە و رای گشتی جیهان ریگا نادات یاریمان پی بکری.*

لیرەدا ئەوەی جیگای سەرنجە، مەبەستی بارزانیە لە رای گشتی، وە یاخود دنیا، ئەگەر ئەو رای گشتی یەی ئەو مەبەستیەتی بریتی بیَ لەو دەیان ملیون ئینسانە کە رۆژی ١٥-شوبات-٢٠٠٣ لە پینج قارەی دونیا رژانە سەر جادەو ( **نا** ) یەکی گەورەیان بەشەر گووت، ئەوە وەلامەکانی ئالۆز دەکا!. بەلام لە شەرایتی ئەمرۆدا ئەم سەرۆك حیزبانە لۆمە ناکرین لە سەر قسەکانیان، چونکە بەراستی خۆشیان بەرەو ئایندەیەکی نادیار دەرۆن وترسی لە دەست دانی ئەو هەموو دەسەلاتەی ١٢ سالە بەدەستیانەوە گرتووە، ترسی کۆتایی هاتن بە کەلەکە کردنی ئەو هەموو سەروەت و سامانەی پیکیانەوە ناوە، دیارە ئەویش بە زەبرو پشتیوانی ئەو میلیشیا چەکدارەی هەیانە، کە ئیستا کۆنە دۆست و کۆنە هاوپەیمانیان، ئەوەی دەبوونە سەر سووری بەر لەشکرەکەی کاتیك سنووری کوردستانی دەبەزاند، واتە سوپای تورکیا، بەبەر چاوی هاوپەیمانی گەورەوە، ئەمریکا، دەلی: دیمە کوردستان و میلیشیای ئەو حیزبانە چەك دەکەم !

ئەم دوو حیزبە دەسەلات دارە ئەمرۆ هاواریان لی هەستاوەو پەنا بۆ جەماوەر دینن دەلین: فریا کەون سوپای تورکی ئەتاتۆرك دەستکەوتەکانمان پای مال دەکا.

هاتنی سوپای تورکیا وەهەر سوپایەکی کە بۆ کوردستان جیگای نارەزایەتی و نەفرەت و بیزاری هەموو ئازادیخوازان و چەپ و کۆمونیستەکانە و لە ریزی پیشەویان بزوتنەوەی کۆمونستی کریکاری، ئەم هەلویستە نەك ئەمرۆ بگرە هەموو جاری سوپایەکی وولاتانی ناوچەکە سنووری کوردستانی بەزاندبی زۆر بە ئاشکرا ووتراوەو دەیان بەیاننامەی لەسەر دەرکراوە، بەلام ئاخۆ

هاتنی ئەم سوپایە ئاكامی كام سیاسەتەیەو دەبی چۆنیش بەری پی بگیری؟ پرسیاریكە دەبێ هەمومان لە خۆمانی بكەین.

وەڵامی حیزبەكانی كوردایەتی، هەروەك پیشەی لە میژینەیان، بەم پرسیارە سوار بوونی شەپۆلی رق و كینەی نەتەوایەتی یەو جوڵاندنی ئیحساساتی قەومی یە، ئیحساساتیك كە لە ئەنجامی زولم و زۆر وپایمال كردنی سەرەتایی ترین مافەكانی ئینسان، بە تاوانی ئەوەی بە زمانی جیاواز لە گەل زمانی دەسەڵاتداریەتی فەرمانرەوای ئەو وولاتانەی كوردستانیان بە سەر دا دابەش كراوە قسە دەكەن. بەلی ئەو ئیحساساتە لە ویوە هاتووە، بەڵام حیزبەكانی كوردایەتی نانە چەورەی پیوە دەخۆن بۆ بردنە پیشی سیاسەتەكانیان نەك بۆ لابردنی زولمی نەتەوایەتی، كە ئیتر لابردنی ئەو زولمە لە رووی میژوویەوە لە دەستووری كاری ئەوان دا نەماوە. ئەم هەڵایەی بە ناوی وەستانەوە بە دژی هاتنی سوپای توركیا ئەمرۆ بە فەرمانی ئەم دوو حیزبە ساز دەكرێ بە داخەوە بەشیك لە رۆشنبیرە كوردەكانیشی گرتۆتەوە وئەوانیش چوونەتە پای ئەو سیاسەتەو خەلكی بۆ هەلدەخرینن، ئاخۆ نازم حیكمەت ئیستا زیندوو بایە هەلویستی بەرامبەر ئەم شەرەو بەرامبەر "توورك بوون" و "كورد بوون" چی دەبوو؟. ئاخۆ دەنگی پتر لە ٨٠٪ دانشتوانی توركیا كە دژی شەرن نابێ لەبەر چاو بگیری!؟ و دەبێ بخریتە خانەی ئەوانەی عیراقیكی دیموكراتیان ناوێ!!؟

وەستانەوە دژی هاتنی سوپای توركیا بۆ ناو كوردستان ناكری جیا كریتەوە لە وەستانەوە بە دژی شەری ئەمریكا بۆ سەر عیراق، ئەو دوو حالەتە نەك لیك جیا نین، بەلكو دوو رووی یەك سیككەن، هەر بۆیە تاكە ریگای ئوسولی بۆ بەرگری كردن لە هاتنە ناوەوەی سوپای توركیا بۆ كوردستان، هاتنە ریزی ملیونەها ئازادیخوازی دونیایە كە دژی شەرن. بەڵام بۆ ناسیونالیزمی كورد كە دووچاری گرفتیكی چارەنوس ساز هاتووە، زەق كرنەوەی دەمار گیری نەتەواتییە، ئەوە كیشەیەكە تووشی سیاسەتیحیزبە دەسەڵاتدارەكانی كوردستان هاتووە و دەیانەوی جەماوەریشی تێ فرێدەن!

ناسیونالیزمی كورد لە ئاستانەی شەری دژی ئینسانی كە ئەمریكا خەریكە بەناوی دامالینی چەكی كۆ كوژو ولابردنی دیكتاتۆریەتەوە لە عیراق دا بە رێی دەخا، سەنگەری خۆی باش دیاری كردووە كە هاوپەیمانەتی ئەمریكایە، ئەو ئەمریكایەی لە میژوودا قەت نەبووە دۆستی گەلانی ژیر دەستە بوو بیت، بەو كارەش حیزبەكانی كوردایەتی پشتیان كردۆتە ریزی ملیونەها ئازادی خوازی دونیا كە دژی كوشتنی دەیان هەزار وبگرە سەدان هەزار دانشتوی عیراقن و ئەمریكا زۆر باش دەناسن. ئەم بزوتنەوەیە هەروەك ئاش بەتالەكەی ٩٧٥ جاریكی دیكەش بەرەو شكست و نەهامەتی دەچی.

ئەوەی لیرەدا مەبەستە چارەنووسی ئەم حیزبانە نیە، بەلگو ئەو خەلكەیە كە دەیانەوی بیكەنە قوربانی ئەو سیاستە مەحكوم بە شكستە.

**رووخانی حوکمی قەومی فاشستی بەعس ئاواتی سی ساڵەی ملیونەها خەڵکی عیراقە، بەڵام ئەم ئاواتە بە ئەمریکا نایەتەدی، رەنگە روخساری دکتاتۆرەکان بگۆری، بەڵام رۆژ رەشی و نەهامەتی خەڵك لە سایەی ئەمریکاو هاوپەیمانە محەلی و ئیقلیمی و نیو دەولەتیەکانی دا، کە هەموویان تەجرەبە کراون، هەر وەك خۆی دەمینی ئەگەر خراپتر نەبی.**

*تێبینی کوردستان نێت:*

*ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە. ٧-٣-٢٠٠٣*

www.kurdistannet.org کوردستان نێت